# Barnebøker for Norge

barneboker.no

## کاتی پشوو لە گەڵ داپیرە


Skrevet av: Violet Otieno
Illustret av: Catherine Groenewald
Oversatt av: Agri Afshin




Denne fortellingen kommer fra African Storybook (africanstorybook.org) og er videreformidlet av Barnebøker for Norge (barneboker.no), som tilbyr barnebøker på mange språk som snakkes i Norge.



Dette verket er lisensiert under en Creative Commons Navngivelse 4.0 Internasjonal Lisens.
https://creativecommons.org/licenses/by/4.0/deed.no


# کاتی پشوو لە گەڵ داپیرە




Violet Otieno
Catherine Groenewald
Agri Afshin
kurdisk (sorani)
nivå 4



ئەندگو و ئاپیو لە شار لە گەڵ باوکیان دەژیان، ئەوان زۆر بە پەرۆش بوون کە پشوو دەست پێ بکات. نەك تەنها لە بەر پشووی قوتابخانە، بەڵکو ئەوان دەیانتوانی بچن چاویان بە داپیرەیان بکەوێ. ئەو لە گوندێکی شوێنی ماسی گرتن لە نزیك دەریاچەیەك دەژیا.



ئەندگو و ئاپیو گڕوتینێکی زۆریان هەبوو لە بەرئەوەی دووبارە
دەیانتوانی سەردانی داپیرەیان بکەن. لە شەوی ڕابردووەوە
کیفەکانیان پێچابووەوە و ئامادە بوون بۆ سەفەرێکی دوورودرێژ بۆ
گوندەکەی داپیرەیان. ئەوان خەویان لێ نەدەکەوت و هەموو شەوەکە
هەر باسی سەفەرەکەیان دەکرد.



ڕۆژی دواتر، بەیانی زوو هەموویان بە ئوتومبیلەکەی باوکیان بەرەو گوندەکە بەڕێکەوتن. ئەوان بە دامێنی چیاکان، بە لای ئاژەڵان و ە ناو کیڵگەی چاییدا دەڕۆشتن. ئەوان ئوتومبیلەکانیان دەژمارد و گۆرانیان دەوت.





کاتێ کە ئەندگو و ئاپیو گەڕانەوە قوتابخانە، ژیانی گوندەکەیان بۆ هاورێکانیان باس کرد. هەندێك لە مناڵەکان هەستیان دەکرد ژیان لە شار خۆشترە بەڵام هەندێکی دیکەیان پێیان وابوو ژیانی گوند باشترە. بەڵام لە هەمووشتێ گرنگتر، هەموویان هاوڕا بوون کە ئەندگو و ئاپیۆ داپیرەیەکی زۆر میهرەبانیان هەیە.




ئەندگو و ئاپیو زۆر بە گەرمی داپیرەیان لە باوەش گرت و ماڵئاواییان لێ کرد.





دوای ماوەیەك مناڵەکان ماندوو بوون و خەویان لێکەوت.



کاتێ گەیشتنە گوندەکە باوکیان ئەندگو و ئاپیوی لە خەو هەستاند. ئەوان چاویان بە داپیرەیان، نیار- کانیادا، کەوت کە لە سەر بەڕەیەك لە ژێر درەختێك پشووی دەدا. بە زمانی لو، نیار- کانیادا واتە کچی خەڵکی کانیادایە. ئەو ئافرەتێکی بەهێز و جوان بوو.





کاتێك باوکیان هات بە دوایاندا بیانباتەوە، ئەوان پێیان خۆش نەبوو کە داپیرەیان بە جێ بهێڵن. ئەوان داوایان لە نیار کانیاددا کرد کە ئەویش لە گەڵیان بچێ بۆ شار. داپیرە پێکەنی و ووتی من بۆ ژیان کردن لە شار زۆر پیر بوومە. بەڵام چاوەڕێ دەبم تا ئێوە دووبارە دێنەوە بۆ ئێرە.



نیار-کانیادا بە خێرهاتنی کردن بۆ ژووریّ و بە خۆشحاڵی دەستی کردە سەما کردن و گۆرانی ووتن. نەوەکانی زۆر بە گڕوتین بوون بۆ ئەوەی دیارەکانی لە شار هێنابوویان بیدەن بە داپیرەیان. ئەندگو دەیووت دیاریەکەی من لە پێشدا بکەوە، ئاپیۆش دەیووت: نا، دیاریەکەی من لە پێشدا بکەوە.





بەڵام پشوو زۆر زوو تەواو بوو و مناڵەکان ناچار بوون دووبارە بگەرێنەوە شار. نیار کانیادا کلاوێکی دا بە ئەندگو و بلوسێکیشی دا بە ئاپیو. داپیرە بۆ ڕێگا خواردنی بۆ ئامادە کردبوون.



دوای ئەوەی داپیرە دیاریەکانی کردەوە، لە سەر شێوەی کلتووری خۆیان سوپاسی کردن.





لە کۆتایی ڕۆژ پێکەوە چایان خواردەوە، و لە ژماردنی پارەکان یارمەتی داپیرەیان دا.



دواتر ئەندگو و ئاپیو چوونە دەرێ. ئەوان شوێن پەپولەو باڵندەکان دەکەوتن.





ڕۆژێکی دیکە مناڵەکان لە گەڵ داپیرەیان چوون بۆ بازار. ئەو لە بازارەکە شوێنێکی بچوکی هەبوو، کە سەوزی، شەکر و سابوونی دەفرۆشت. ئاپیو پێی خۆش بوو نرخی شتەکان بە کڕیارەکان بڵێت. ئەندگوش شتەکانی بۆ کڕیارەکان دەپێچاوە کە کڕیبویان.



ئەوان سەر درەختەکان کەوتن و لە ئاوی دەریاچەکاندا یاریان دەکرد.





ڕۆژێکیان ئەندگو مانگاکانی داپیرەی برد بۆ لەوەڕاندن. مانگاکان چوونە ناو کێڵگەی هاوسێکەیان. جوتیارە هاوسێکەیان لە ئەندگو توڕە بوو و هەڕەشەی لێکرد کە ئەوجار مانگاکان دەبا بۆ خۆی چونکە ئەوان سەوزیەکانی ئەویان خواردبوو. لە دوای ئەو ڕۆژە ئەندگو زیاتر ئاگاداری مانگاکان بوو بۆ ئەوەی جارێکی دیکە کێشە دروست نەکەن.




کاتێ هەوا تاریك بوو بۆ خواردنی ئێوارە گەڕانەوە ماڵێ. بەر لەوەی نانەکەیان تەواو بکەن خەویان لێکەوت.





نیار کانیادا نەوەکانی فێرکرد کە چۆن ئوگالێ (نانی نەرم) دروست بکەن و لە گەڵ شۆربا بیخۆن. هەروەها فێری کردن چۆن برنجی نارگیلی دروست بکەن و لە گەل ماسی برژاو بیخۆن.



ڕۆژی دواتر باوکی گەڕایەوە بۆ شار و مناڵەکانی لای نیار کانیادا بە جێهێشت.





ئەندگو و ئاپیو یارمەتی داپیرەیان دا لە کاروبارەکانی ماڵەوە. ئەوان دار و ئاویان هێنا. هەروەها لە کولانەی مریشکەکان هێلکەکانیان کۆ کردەوە و لە بێستانەکەش سەوزیان. لێکردەوە.